# لە بناری شنرویۆوە تا ناوەڕاستی سیروان

## ژیان و مەرگی شاعیری نیشتمانپەروەر ئەحمەدموختار جاف

**فەرهاد شاکەلی**
**(زانستگەی ئوپسالا، سوێد)**

**(٢ - ٢)**

### ئەحمەدموختار لە زیندانی شێخ مەحمووددا

ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی کاتێک لەسەر ژیانی ئەحمەدموختار دەنووسرێت، بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت و بە شێوەی جیاواز لێک دەدرێتەوە. من لەم ڕووەوە دەتوانم هەر پێشەکی بەشێک لە بۆچوونەکانی خۆم لێرەدا بە ڕوونی دەرببڕم. هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە هۆی باسی دیکەوە، تا ڕادەیەک، ڕێگەم بۆ ئەم دیتنانەم خۆش کردووە.

ئەگەر وا دابنرێت هۆی ئەم زیندانیکردنە ئەوە بووبێت کە ئەحمەدموختار ناپاکییەکی کردبێت بەرامبەر شێخ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، یا وا بزانرێت شێخ گومانێکی لەو جۆرەی لە میری جاف هەبووبێت، پێم وایە ئەمانە هیچ بنەڕەتێکی ڕاستیان نییە و دوورن لەوەوە جێی باوەڕ بن. ئەحمەدموختار لەوەیە هەڵوێستی سیاسیی وای وەرگرتبێت کە بە دڵی شێخ نەبووبێت، یا لەگەڵ بنەما گشتییەکانی ئەو کاتەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و کوردایەتیدا نەگونجابێت و بە هەڵە دابنرێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناکرێ گومانی دژایەتیکردنی کوردایەتی یا خۆفرۆشتن بە دوژمن لەو پیاوە بکرێ. ئەو لە ناخەوە عاشقی نەتەوە و نیشتمانەکەی بوو، لە دڵەوە خۆشی و سەرکەوتن و پێشکەوتنی بۆ دەخواستن.

شێخ کە بڕیاری گرتنی ئەحمەدموختار بەگی دەرکردووە، بە هیچ جۆرێک لەبەر ئەوە نەبووە کە گومانی لێی هەبووبێت، یا ئەوەی پێ ناخۆش بووبێت کە ئەحمەدموختار ڕەخنەی لە دەوروبەرەکەی شێخ گرتووە. من وای بۆ دەچم شێخ دەیویست بەم کارەی ئازارێک بە عادیلە خانم بگەیێنێت، لە پای هەڵوێستە سیاسییەکانی و ئەو پێوەندی و نزیکییەی لەگەڵ نوێنەرانی کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیزدا هەیبوو.

وا دیارە ماوەی گرتن و زیندانیکردنی میر تەنیا دوو سێ حەوتوویەکی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٢٣ بووبێت و لە ڕۆژی ٢٤-٢-١٩٢٣دا ئازاد کرابێت (عەلی، ٢٠١١: ١٨٤). ئەو پارچە شیعرەیش کە ئەحمەدموختار لە زیندانەوە بۆ شێخی نووسیوە، لە ژمارەی (١٤)ی حەفتەنامەی ڕۆژی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٤٦١). لەوانەیە ژمارەی ١٤ی ڕۆژی کوردستان لە ناوەڕاست یا دەوروبەری ٢٠ی شوباتدا بڵاو کرابێتەوە، بەڵام دەزانین ژمارە (١٥)، کە دوایین ژمارەی حەوتەنامەکەیە، لە ٣ی مارتی ١٩٢٣دا بڵاو کراوەتەوە (مەزهەر ئەحمەد، ١٩٧٨: ٢١٩). شیعرەکە یەکێکە لە تێکستە هەرە جوانەکانی

ئەحمەدموختار و لێواولێوە لە هەستی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی.

هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەحمەدموختار ماوەیەکی کورت لە زینداندا بووە، بەڵام بەیتێکی شیعرەکە سووکە گومانێکم لا دروست دەکات، کە ناچارم تەفسیرێکی دیکەی بۆ بکەم. بەیتەکە دەڵێت:

**کە جورمێکی نییە تا کەی لە حەپسا دانیشێ قوربان؟**
**لە تەنهایی لە فکری چۆتەوە ئادابی ئینسانی**

تۆ کە گوێت لە وشەی (تا کەی؟) دەبێت هەستێکی وات لا دروست دەبێت وەک بڵێیت میر ساڵانێکی لە زینداندا بردووەتە سەر (لە پێنج شەش ساڵیش تێپەڕیوە)، تا ئەو ڕادەیەی کە شێخ لە بیری چووەتەوە ساڵانێک لەوەوپێش ئەحمەدموختاری هاوێشتووەتە زیندانەوە. لە میسرەعی دووەمیشدا هەستێکی وات پێ دەدات کە لەبەر ئەوەی ساڵانێکی دووردرێژ لە ژوورێکی تەسک و تاریکی زینداندا هێڵراوەتەوە، تەنانەت هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤیشی لە بیر چووەتەوە. ئەم هەستە ئەنجامی ئەزموونێکی فیزیکی نییە کە کەسێک لە ڕاستیدا بە سەری هاتبێت. ئەمەیش بەشێکە لەو بارە سایکۆلۆگییەی کەسێکی پەروەردەی ناز دروستی دەکات و پێویستی پێیەتی. ئەحمەدموختاری کوڕەپاشا و منداڵی هەرە خۆشەویستی دایکی، ساردی و گەرمییەکانی ژیانی نەئەزمووە و نازانێت زیندانی ڕاستین چییە؟ نازانێت برسێتی چۆنە و خەوی ناو نوێنی ڕەق چۆن دەکرێ. ئێستا کە ماوەی چەند حەوتوویەک دەستبەسەر کراوە، پێی وایە ئەمە گەورەترین کارەساتە لە ژیانیدا.

ئەم بابەتەی گرتنی ئەحمەدموختار لەلایەن شێخ مەحموودەوە دەکرێ زۆرتری لەسەر بگوترێ و بنووسرێ. لە لایەکەوە دەتوانێت ئەو پرسیارەمان لا دروست بکات: ئایا دەشێ بابەتەکە لە چوارچێوەی پێوەندیی دەستەڵات و ڕووناکبیردا تەماشا بکرێت؟ لە لایەکی دیکەیشەوە ناکرێ پاشخانی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و خێڵەکیی ئەحمەدموختار نەبینراو بێت. هێندەی من ئاگادار بم، تا ئێستا شتێکی قووڵ و زانستی و گشتگر لەم ڕووەوە نەنووسراوە. لەوانەیش بترازێت، من پێم وایە تەنانەت پێوەندیی عادیلە خانمیش بە ئینگلیزەوە و هاوکاریکردنیان و خەڵاتکردنی لەلایەن ئینگلیزەوە بە



**عادیلە خانم و یەکێک لە بەگزادەکانی جاف**

نازناوی "خان بەهادور"، کە یەکەم جار بوو ژنێک ئەو نازناوەی پێ ببەخشرێت، دەشێ بە شێوەیەکی جیاواز بخوێنرێتەوە. ناکرێ هەروا سووک و ئاسان مۆری ناپاکی و خیانەت بەو مرۆڤەوە بنرێت، کە بە ڕاستی مرۆڤێکی ئاسایی و ناونجی نەبوو، بەڵکە ژنێکی ژیر و توانا و هەڵکەوتوو بوو. هەر بۆ بەراورد دەڵێم، دوو کەسایەتیی ناوداری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، محەممەدئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی بوون، کە لەگەڵ شێخ مەحموود نەبوون و لایەنی دەوڵەتی تازەدامەزراوی عیراق و کۆلۆنیالیستانی ئینگلیزیان هەڵبژارد. وەهبی بەگ یەکێک بوو لە دامەزێنەرانی سوپای عیراق. کەواتە بۆچی ناکۆکیی نێوان شێخ مەحموود و عادیلە خانم وەک دوو گۆشەنیگا و دوو بۆچوونی جیاوازی سیاسی نەخوێنینەوە؟ ئاشکرایە کە جیهانبینیی عادیلە خانم جیهانبینییەکی سنووردار و ناوچەیی و خێڵەکی بوو، بەڵام شێخ مەحموود سیاسەتمەدار و ڕێبەرێکی نەتەوەیی کورد بوو. بێ لە بەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو کەرتەی مێژوودا، ناکرێ نرخاندنێکی ڕەوا و بێلایەنانە وە دەست بهێنرێت.

## شەهیدبوونی ئەحمەدموختار جاف

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ژیان و شیعرەکانی

ئەحمەدموختار جاف چەندە گرنگن و شایانی ئەوەن لێیان بکۆڵرێتەوە و شی بکرێنەوە، مەرگیشی ئەوەندە و ڕەنگە زیاتریش گـرنگ بێت. بەڵام سـەرنجـڕاکـێش ئەوەیە ژیننامـەنووسان و توێژەرەوانی ئەدەبی کوردی هەرگیز بە شێوەیەکی قووڵ و جیددی و زانستی کاریان لەسەر ئەم بابـەتە نـەکـــردووە، بـەڵـکە زۆربـەیـان تـەنـیــا ئـەو سـتـیـریۆتـایـپـەیان [Stereotype] دووبارە و چەندبارە کردووەتەوە کە نزیکەی هەشتا ساڵە هەر دەگوترێتەوە و دەنووسرێتەوە، بێ ئەوەی گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت. دیارە هێشـتنەوەی ئەم باسە لە چوارچێـوەیەکی تەم و مژاویدا هۆکاری خۆی هەیە؛ هۆکاری وەها کە هەمیشە بووەتە ڕێگر لە بەردەم کەسێکدا ویستبێتی ڕاستییەکان بدۆزێتـەوە یا ڕووداوەکـە بە شـێـوەیەکی جـیـاواز بخوێنێتەوە.

چیرۆکی مەرگی ئەحمەدموختار جاف لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی داگیرکاری عیراقدا تێکەڵ دەبێت. ئەگـەرچی پێشـتـر جۆرێک تێکەڵاویی لەگـەڵ سیاسەتدا هەبوو، بەڵام چ بەرانبەر عوسمانییەکان و چ بەرانبـەر ئینگلیـز، ئەو نوێنەری کـورد نەبوو، بەڵکە نوێنەری عەشیرەتی جاف بوو. بێجگە لەوەیش، دایکی هەمیشە پشتی دەگرت و ڕێنوێنیی دەکرد و زۆرجاریش لە جێی ئەو بڕیاری دەدا. بەڵام کـاتێک ئەحـمـەدمـوخـتـار دەبێتە ئەندامی پارلەمـانی عیـراق و ڕاستـەوخۆ لەگـەڵ سـیـاسـەتی دەوڵەتی تازەدامـەزراوی عـیـراق و کۆڵۆنیـالیسـتـانی ئینگلیـزدا تێکەڵ دەبێت، باشتر لەوە دەگات کە نەتەوە و نیشتمانەکەی لە بەردەم هەڕەشەیەکی چەندە سەخت و ترسناکدایە. ئەم ئەزموونە سیاسییەی ئەحـمـەدمـوخـتـار لە کـاتێکدا دەست پێ دەکـات، کـە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود هەرەسی هێناوە و ئینگلیز و دەوڵەتی عیراق، کوردستان داگیر دەکەن.

ئێمە ئێستا هیچ نووسین و بەڵگەیەکی تۆمارکراومان لە بەردەسـتـدا نییـە تا بزانین ئەحـمـەدمـوخـتـار وەک ئەندامێکی پارلەمان چۆن لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی عیـراق و ئینگلیـزەکاندا ڕووبەڕوو بووەتەوە؟ ئایا لەگەڵ هاوەڵە کوردەکانیدا لە پارلەماندا هەرگیز گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی بیر لە کاردانەوەیەکی بەکۆمەڵ بکەنەوە؟

من پێم وایە ئەحمەدموختار، وەک شاعیرێک و وەک نیشـتـمـانپـەروەرێک، هەر زوو گـەیشـتووەتە بێئومێدی لەوەی کە کورد لە چوارچێوەی دەوڵـەتێکی وەک عیراقدا بتـوانێ بگاتە ئامـانجـە نەتەوایەتییـەکـانی. بەڵام هیچ بەرچاوڕوونـیـیـەکی سـیاسی و تیـۆریی وەهای نـەبوو کـە ڕێی پێـشـــان بدات بەرەو دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک. لەوەیـە لە ســـەرەتاوە وای بۆ چووبێت کـــە ڕەنـگە بەشـداریکردن لە پارلەمـــان یا وەزارەت یا چوارچێـــوە کارگێڕییـەکانی عـیراقدا ڕێگایەکی باش بێت بۆ کورد، بەڵام دوای دوو جار ئەندامەتیی پارلەمانی عیراق، دیارە گەیشتووەتە بێئومێدی. ئەگەر ئەو ئەزموونە بۆ کەسانی دیکە شکستێکی سیاسی بووبێت، بۆ ئەحمەدموختار شکستێکی فکری و فەلسەفییش بوو.

ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانە لە بیری ئەحـمـەدموخـتـاردا، پێـشـەکی لە ڕۆمـانی "مـەسـەلەی ویژدان/مـەسـئـەلەی ویجدان"دا دەردەکەوێت، کە لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٨دا نووسیویەتی. لەم کارەیدا هەنگاوێکی گەورەی ناوە، چ لە بواری بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و چ لە رووی چینایەتییـەوە. (مـەسـەلەی ویژدان) بەرهەمی قـــۆنـاغـــێکی باڵاتر و پێگەیشـــتـــووتری بیـــری ئەحـمـەدمـوخـتـارە، هەروەک بەرهەمی بیـرکردنەوەیەکی سەربەخۆیانەتر و ئازادانەترە. ڕاستییەکەی ئەم تێکستە چەندە، بۆ کاتی خۆی، داهێنانێکی ئەدەبییە، هێندەیش مـانیـفێستێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگییە. هەر ئێرەیش جێگەی خۆیەتی ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە وا پێ دەچێت ڕۆمانەکە لە بنەڕەتدا ناوی "مەسئەلەی ویجدان" بووبێت و بڵاوکەرەوەی کتێبەکە ناوەکەی گۆڕیبێت.

لەو تێکسـتـەدا نووسـەر شـۆڕ دەبێتـەوە بۆ ناو بنج و بناوانی کۆمەڵ و لە ڕەگوڕیشەی کێشەکان ورد دەبێتەوە. ئەمـە سـەرەتای بیـرکـردنەوە بوو لە ڕێگەچارەی دیکە و شـێـوەی دیکەی خـەبات بۆ بەدیهـێنانی ئامـانج. لەم ڕووەیشەوە دیسان ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە تا بزانین بیری ئەحمەدموختار چۆن و بە چ شێوەیەک گەشەی کردووە.

بارودۆخەکە هەرچۆنێک بووبێت، ئێستا ئەوە دەزانین کە ئەحمەدموختار گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە لە ڕێژیمی پادشایەتیی عیراق یاخی ببێت و شێوەیەکی بەرهەڵستی یا ڕاپەڕین دابمەزرێنێت. لەو ســەردەمـــەدا کـــە

ئەحمەدموختار دەستی بەم کارە کردووە، شێوەی هەرە باو و نەریتانەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی، بە تایبەتی لەناو کورددا، هەر ئەوە بووە کە میرێک، خانێک یا شێخێکی تەریقەت دەست بداتە تفەنگ و خەڵکێک لە خۆی کۆ بکاتەوە و هێرش بکاتە سەر هێزەکانی دوژمن، یا چاوەڕوان بێت دوژمن هێرشی بێنێتە سەر و ئەمیش بەرگری بکات. جاری وایش هەبووە کە کەسێکی نەناسراو، بەڵام ئازا و جەربەزە و نەترس، ئەم جۆرە ڕاپەڕینەی دەست پێ کردووە، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە ناو نراوە چەتە و ڕێگر. ئیتر، لە هەردوو شێوەکەدا، ڕێکخستنێکی سیاسی یا ئیدیۆلۆگییەکی سیاسی یا بەرنامەیەکی ڕوون و ئامانجێکی دیاریکراو لە ئارادا نەبووە. ئەحمەدموختاریش هەر ئەو کارەی کردووە. وەک میرێکی لاو و شاعیرێکی ڕۆمانتیک و نیشتمانپەروەرێکی دڵگەرم و شۆڕشگێڕ، ئامانجی ئەوە بووە کۆمەڵێک چەکدار لە خۆی کۆ بکاتەوە و هێزێکی بەرهەڵستی دابمەزرێنێت، بەو هیوایەی ئەو کاتە کۆمەڵانی خەڵک لێی کۆ دەبنەوە و وردە وردە تەشەنە دەکەن و ناوچەکانی وڵات لە دوژمنی داگیرکار پاک دەکەنەوە و ئەویش دەبێتە قارەمانێکی میللی و نەتەوایەتی، ئەگەر شەهیدیش ببێت، دەبێتە سیمبوڵی نەمری شۆڕشگێڕێکی نەتەوەکەی. لەبارەی یاخیبوونی ئەحمەد موختارەوە سێ هۆکاری سەرەکی باس دەکرێن: عاشقبوون، قەرزداری و سیاسی. بە لای منەوە دوو هۆکاری عاشقی و قەرزداری هیچ بنەمایەکیان نییە و تەنیا بۆ سووککردنی ئەو پیاوە دەهێنرێنە ئاراوە. هۆکاری یاخیبوون و ڕاپەڕینی ئەحمەدموختار ناکرێ هیچ شتێکی دیکە بێت، بێجگە لە سیاسەت و نیشتمانپەروەری و دژایەتیکردنی دەوڵەتی عیراق و کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز.

ئەم یاخیبوونەی ئەحمەدموختار لە چەند مانگێک زیاتری نەخایاندووە (عەلی، ٢٠١٠: ٨٠). لەو ماوەیەشدا وا پێ ناچێت هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ هیچ هێزێکی چەکداری دەوڵەتی عیراق یا ئینگلیزدا ڕووی دابێت. ئەحمەدموختار لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوەڵانی چەکداریدا ئێوارەی ٥-٢-١٩٣٥ دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە، بۆ سەردانی ماڵ و منداڵەکەی، بەڵام کەسوکاری پێی دەڵێن چاکترە شار بە جێ بهێڵێت، نەوەک پێی بزانرێ و شتێکی بە سەر بێت. ئەو شەوە لە جێگایەکی نزیکی شار دەباتە سەر و ڕۆژی دواتر، ٦-٢-١٩٣٥، لە کاتێکدا بە سواریی کەڵەک لە ڕووباری سیروان دەپەڕێتەوە، تەقەی لێ دەکرێت و بریندار دەبێت. هەر ئەو ڕۆژە بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبرێتەوە بۆ هەڵەبجە و لە دێی عەبابەیلێ دەنێژرێت. تا ئێرە و تا دەگاتە باسی تەقەکردنەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان سەرچاوەکاندا نییە. پرسیارە هەرە گەورەکە لەوێوە دەست پێ دەکات: ئەوەی تەقەی لێ کرد کێ بوو؟ ئەوانەی تەقەیان لێ کرد کێ بوون؟

ئەوانەی لەم ڕووەوە شتێکیان نووسیبێت، هەموو خۆیان لەوە لاداوە بە هیچ جۆرێک کەسێک یا لایەنێک بە ئاشکرا دەستنیشان بکەن. یەکەمین سەرچاوەی نووسراو کورتەنووسینێکی پیرەمێردە، کە هەر سێ ڕۆژ دوای کۆچی ئەحمەدموختار لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوی کردووەتەوە. دیارە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەموو شتێک ڕوون بووبێتەوە. پیرەمێرد، دوای دوو بەیت شیعر و چەند وشەیەکی ناساندن، ڕۆمانتیکانە دەنووسێت "... خۆی دانا و داخی بە دڵی عالەما نا" (١٩٣٥: ژیان). ڕەفیق حیلمی ساڵی ١٩٤١، لە بەرگی یەکەمی شیعر و ئەدەبییاتی کوردیدا دەڵێت "... لەسەر ئاوی سیروان لە لایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژراوە" (حیلمی، ٢٠١٠: ٢٠). عەلائوددین سەججادی وەهای دەگێڕێتەوە "... تا لە ١٩٣٥، لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا بە گوللەی تفەنگی دەستێکی پیس لەسەر ئاوی سیروان کوژرا و جوانەمەرگ بوو" (١٩٧١: ٥٤٥). مامۆستا دوکتۆر مارف خەزنەدار دەنووسێت "لە کاتێکدا لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٣٥ لە زێی سیروان بە کەڵەک پەڕیوەتەوە بە دەستی دوژمنێک کوژراوە." (٢٠٠٥: ٤٥٢). محەمەد حیلمی شێخ حوسێن (حیلمی)، کە دۆستێکی نزیکی ئەحمەدموختار بووە و ئەو ڕۆژەیش کە تەقە لە میر کراوە، ئەو لەوبەری ڕووبارەکەوە چاوی لێ بووە، لە دیدارێکدا دەڵێت "کوشتنەکەی بە سەهوو بوو، هەر جاش و شت فیشەکیان پێوە نا" (عەبدولواحید، ٢٠٠٩: ٦٢).

وەک دەبینین، هیچ کەسێک لەم نووسەرانە نایانەوێ پەنجە بۆ کەسێک یا هێزێک ڕابکێشن. کوژرانی

مرۆڤێکی ناسراو و نیشتمانپەروەر و شاعیرێکی ناوداری وەک ئەحمەدموختار جاف، هەروا سووک و ئاسان پەردەپۆش دەکرێت و بکوژەکانی وەک (دەستێکی نەفامی کورد، دەستێکی پیس، دەستی دوژمنێک و جاش و شت) ناو دەبرێن.

ئەم بابەتە ساڵانێکی دوورودرێژ هەر وا بە شێوەیەکی تەماوی مایەوە، تا لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢دا، وتارێک لە گۆڤاری (مامۆستای کورد)دا، کە بەندە سەرنووسەری بووم، بڵاو کرایەوە و بۆ یەکەمین جار ئەو تابووەی شکاند و بەشێکی زۆری ئەو ڕازەی ئاشکرا کرد. سەرناوی وتارەکە وەهایە: "شیعرێکی ناتەواو، مۆمێکی نیوەتەمەن؛ مەرگی شاعیری نیشتمانپەروەر ئەحمەدموختار جاف" و نووسەرەکەیشی ناوی (شوان گەرمیانی)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە نووسەری ئەو وتارە خوالێخۆشبوو (نەبەرد جاف) بوو (١٠-٧-١٩٤٨ لە دایک بووە و ١٣-٣-١٩٩٣ کۆچی کردووە). ئەمە یەکەمین جارە من ئاشکرای دەکەم کە شوان گەرمیانیی نووسەری ئەو وتارە، خوالێخۆشبوو نەبەرد جاف بوو. ئێستا، بیستوشەش ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە و بیستوپێنج ساڵ دوای کۆچی نەبەرد جاف، ئیتر هیچ هۆیەک نەماوە بۆ ئاشکرانەکردنی. ئەو پێشتر بە تەلەفۆن ئەوەی بۆ باس کردم کە دەیەوێ وتارێک لەبارەی ئەو بابەتەوە بنووسێت. منیش پێم باش بوو، بە تایبەت لەبەر ئەوەی خۆی یەکێک بوو لە بنەماڵەی بەگزادەی جاف و ئەوانیش لە هەموو کەسێک باشتر ئاگاداری ئەو باسەن. دەیویست لە بارەی وردەکارییەکانی وتارەکەوە قسە بکەین. بۆم ڕوون کردەوە کە بۆ گۆڤاری مامۆستای کورد (چی دەنووسیت گرنگ نییە، چۆن دەنووسیت گرنگە). نەبەرد جاف لەوەدا دوودڵ بوو ئایا بە ئاشکرا ناوی ئەو کەسانە بهێنێت کە پێوەندییان بە کوشتنی ئەحمەدموختار جافەوە هەبووە؟ یا باشترە شێوەیەکی دیکە هەڵبژێرێت؟ پێم گوت ئەو بڕیارە بۆ خۆت بە جێ دەهێڵم. هەر شێوەیەک هەڵبژێریت، من هەر بڵاوی دەکەمەوە. ئێستا کە وتارەکە بخوێنیتەوە ئەو دوودڵییەی نەبەرد جاف بە ئاشکرا دیارە. لە جێی ناوی کەسەکان، حەرفی یەکەمی ناوەکانیانی بە کار هێناون، کەچی کە باسیان دەکات، زۆر ڕوون و ئاشکرایە مەبەستی کێیە. نەبەرد جاف، وەک بە تەلەفۆنیش پێی وتم، زۆری بە لاوە گرنگ بوو ئەوە بچەسپێنێت کە (حامید بەگی کوڕی مەجید بەگی کوڕی وەسمان پاشای جاف) بوو کە پلانی کوشتنی ئەحمەدموختاری داڕێشتبوو. لەو نووسینەدا بە (ح. م.) ناوی هێناوە، کەچی ڕاستورەوان دەڵێ دواتر بوو بە قایمقامی هەڵەبجە و ئەندامی پارلەمانی عیراق و ساڵی ١٩٨٩ لە سلێمانی مرد. حامید بەگی جاف برازای ئەحمەدموختار و کوڕەزای وەسمان پاشای جاف بوو، بەڵام بە تەمەن نزیکەی دە ساڵ لە ئەحمەدموختاری مامی گەورەتر بوو. ڕەنگە هەر ئەمەیش خۆی جۆرێک ڕوونکردنەوە بێت بۆ ئەوەی کە بۆچی ئەم بابەتە هەرگیز یەکالا نەکرایەوە و ئەم ڕازە ئاشکرا نەکرا. دۆکتۆر حەسەن جاف دەڵێ حامید بەگ ساڵی ١٩٨٨ کۆچی کردووە (جاف، ٢٠١٦: ١٥٤). لە ماوەی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەگەڵ ڕووناکبیرێکی بەگزادەی جافدا قسەم کرد، وتم نەبەرد جاف وای نووسیوە، گوتی: "جا خۆ ئەوە حەققەتە".

نەبەرد جاف لە وتارەکەیدا ناوی ئەو دوو چەکدارەی تەقەیان لە ئەحمەدموختار کردووە و کوشتوویانە بە شێوەی (ف. ن.) و (س. ح.) نووسیوە، کە لەگەڵ حامید بەگدا ڕایانکردووە بۆ بەغدا و دواتر هەر لەگەڵ ئەودا گەڕاونەتەوە بۆ هەڵەبجە. حامید بەگ بووە بە قایمقام و دواتریش ئەندامی پارلەمانی عیراق. ئەم لە ساڵی ١٩٨٩دا لە سلێمانی مرد و (ف. ن.) و (س.ح.)یش هەردوویان بە نەخۆشیی گولی مردوون (گەرمیانی، ١٩٩٢: ١٤-١٥). هەروەها ئەوەیشی نووسیوە کە (حەمەسەعی ئێناخی) کەڵەکەوانی ئەو کەڵەکە بووە کە میر پێی پەڕیوەتەوە بۆ ئەوبەری سیروان و ئەو پیاوە تا ساڵی ١٩٨٧ ژیاوە. وتارەکەی نەبەرد جاف کۆمەڵێک وردەکاریی دیکەی تێدان، کە هەر یەکێکیان لە ڕوویەکەوە بایەخی خۆی هەیە. نەبەرد جاف دەڵێ حامید بەگ ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام بەپێی نووسینەکەی د. حەسەن جاف (سەرچاوەی پێشوو: سپ)، دەبێ ساڵەکە ١٩٨٨ بێت، نەک ١٩٨٩.

ئێمە وەک خوێنەری مێژوو کاتێک ئەم پاشخانە دەخوێنینەوە، کۆمەڵێک پرسیارمان لا دروست دەبن، بەڵام کاتێکیش بە شێوەیەکی لۆگیکی (مەنتیقی) بیری

لێ دەکەینەوە زۆر سەرەداو دێن بە دەستمانەوە، دەمانگەیێننە ئەو ئەنجامگرییانەی کەسێکی وەک نەبەرد جاف بە دڵنیایی و باوەڕەوە جەختیان دەکات و دەیەوێت بێن بە زانیاریی گشتی و ئەو ناڕوونییەی بەشێک بووە لە مێژووی سیاسی و ئەدەبیی کورد بڕەوێتەوە.

ناسینەوە و دۆزینەوەی ئەو دوو چەکدارەی تەقەیان لە ئەحمەدموختار کردووە و کوشتوویانە، کارێکی سەخت و نەکراو نەبووە، چ بۆ سەرانی عەشیرەتی جاف و چ بۆ دەستەڵاتەکانی دەوڵەتی عیراق یا هێزەکانی ئینگلیز. بەڵام وەک دەبینین هیچ بەدواداچوونێک نەکراوە و ڕووداوەکەیش بێ کاروباری پۆلیس و دادگا و تۆمارکردن و بانگکردن و لێپرسینەوە بڕێنراوەتەوە و داپۆشراوە. ڕووداوی کوشتن، تەنانەت لە وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانیشدا، دەخرێتە چوارچێوەی کاروباری پۆلیس و دادگا و قانوونەوە. لەم ڕووداوەدا ئەوەی کوژراوە کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکە یەکێکە لە سەرانی عەشیرەتی گەورەی جاف، ساڵانێک قایمقامی شاری هەڵەبجە بووە و دوو جاریش ئەندامی پارلەمانی عیراق. ئەی چۆنە نە دەستگاکانی دەوڵەتی عیراق بەدواداچوونی بۆ دەکەن و نە خزم و خوێش و کەسوکاری کەسی کوژراو داوای دادگەری و ستاندنەوەی مافی خۆیان دەکەن؟ دیارە پەروەندەکە لەبەر شاهید (شایەت، گەواهـ)یش پەکی نەکەوتووە، چونکە ئەحمەدموختار بە بەرچاوی، بە لای کەمەوە، دوو کەسەوە کوژراوە؛ حەمەسەعی ئێناخیی کەڵەکەوان و حیلمیی شاعیر. ئەی چۆنە تا ئێستایش، هەشتاوسێ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، تاکە لاپەڕەیەک و تاکە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیڤی پۆلیس و سیستەمی دادوەریی عیراق لە بەردەستدا نییە و کەسێک چاوی پێ نەکەوتووە؟

بەگزادەی جاف، هێندە دەستەڵاتدار و دەسڕۆیشتوو بوون، ئەگەر بیانویستایە بکوژی ئەحمەدموختار بدۆزنەوە و تۆڵەی وەربگرنەوە، دەیانتوانی نەک جارێک، بەڵکە دە جار تۆڵەی بکەنەوە.

کەواتە دەبێ ئەم هەموو نهێنکاری و شاردنەوە و پەردەپۆشکردنە لە پێناوی بەرژەوەندییەکی گەورەی وەهادا بووبێت، کە لە خوێن و لە تۆڵەسەندنەوەی ئەحمەدموختار بە گەورەتر و گرنگتر دانرابێت. نەبەرد جاف لە وتارەکەیدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، کە ئەودەم سەرۆکی عەشیرەتی جاف بوو، بە لەشکرێکەوە بە ناوی پرسەوە و لە ڕاستیدا بۆ تۆڵەسەندنی خوێنی شاعیر لە گەرمیانەوە خۆی گەیاندە هەڵەبجە (گەرمیانی، ١٩٩٢: ١٥). وا پێ دەچێت لە سەرەتادا بەگزادەکان لەگەڵ ئەوەدا بوونە کە دەبێ تۆڵەی ئەحمەدموختار بکرێتەوە، بێگومان مەبەست تۆڵەکردنەوەیە لە حامید بەگی جاف، بەڵام بەرژەوەندیی بنەماڵە و بەرژەوەندیی عەشیرەت زاڵ بووە بەسەر هەموو شتێکی دیکەدا و "لە پێناوی یەکێتیی خۆیاندا و نەڕشتنی خوێنی تر و هێمنی و ئاسایشی ناو عەشرەتەکەیان، سەریان بۆ ئەو ڕووداوە هێنایە خوارەوە و هیوادار بوون لەوە خراپتر نەقەومێت." (سپ). نەبەرد جاف ڕاستییەکی یەکجار گرنگی لێرەدا تۆمار کردووە، کە تایبەتمەندییەکی بەگزادەکانی جافە. ئێمە کاتێک مێژووی خێڵەکانی کوردستان دەخوێنینەوە، دەبینین سەرکردەکانیان هەمیشە دوژمنایەتیی یەکدییان کردووە. برا دژی برا ڕاوەستاوە، مام برازای کوشتووە، باوک کوڕ و کوڕ باوکی کوشتووە یا شاربەدەر کردووە و ئامۆزا لەشکری دوژمنی هێناوەتە سەر ئامۆزا. بەم جۆرە عەشیرەت و بنەماڵە هەڵوەشاونەتەوە و بوون بە چەند بەشێکەوە. سەرکردەکانی جاف لەم ڕووەوە نموونەیەکی جیاوازن. ئەوان هەمیشە هەوڵیان داوە یەکێتیی بنەماڵەکەیان و عەشیرەتەکەیان بپارێزن و لەم ئەرکەیشدا سەرکەوتوو بوون. لەناو هەموو ئەو سەرچاوانەدا کە خوێندوومنەوە تەنیا دوو نووسەری ئینگلیزن کە هەر زوو لەم ڕاستییە گەیشتوون. مارک سایکس (١٨٧٩-١٩١٩) باسی سەرکردەکانی جاف بەم جۆرە دەکات: "ڕێبەرانی جاف بەوە ناسراون کە، وەک سەرکردەی دیکەی کورد، خیانەت لە یەکدی ناکەن، هەر ئەمەیشە هۆی زۆریی ژمارەیان و سەربەخۆییان."(Sykes, 1908: 457) مێجەر سۆن لە کتێبەکەیدا "بۆ مێسۆپۆتامیا و کوردستان بە خۆگۆڕین"، ساڵی ١٩١٢ دەنووسێت "جاف خێڵێکی کۆنە و هەر لە دێرینترین مێژووی کوردستانەوە بەهێز بووە و بەو نەریتە ناسراوە کە سەرکردەکانی کۆک و ڕێک بوونە و پێکەوە هەڵیانکردووە. ئەم نیشانە تایبەتخۆیەی کەسایەتی، واتە پێکەوەگونجان، کە لەناو بەشی هەرە زۆری سەرخێڵەکانی کورددا زۆر دەگمەنە، سامان و دەستەڵاتی بەم خێڵە بەخشیوە، کە ئێستا

سەرکردەی جۆراوجۆریان خاوەنی شاری گرنگی وەک پێنجوێن، هەڵەبجە و قزڵرەباتن، لەپاڵ ژمارەیەکی زۆری گوند و زەویدا کە بە کڕین وە دەستیان هێناون." (Soane, 1912: 216).

نەبەرد جافی خوالێخۆشبوو ڕووداوێکی دیکەیش لە زمانی یەکێک لە کچەکانی کەریم بەگەوە دەگێڕێتەوە کە دیسان پێوەندیدارە بە حامید بەگی جافەوە. ئەو کچەی کەریم بەگ دەبێ هەر زێبا خانی کەریم بەگ بێت، کە دایکی نەبەرد و برا و خوشکەکانی بوو. حامید بەگ لە سەردانێکدا بۆ لای کەریم بەگی جاف لە کەلار، باسی ئەوە دەکات کە هەندێ کەسی ناو بنەماڵەکە هەن دەبنە هۆی دەردیسەری و دەبێت لە ناویان ببەین. کەریم بەگ لەم قسەیەی حامید بەگ زۆر تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت "گولەی ئۆین بە کۆڵ! ئەحمەدی ئامۆزامت کوشت، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێنی زۆرتر نەکەوێتە ناو بەینمان، تۆمان بەخشییە پێڵاوەکانی شەمسەی کچی. چ بەزمێکی ترت وا بە دەستەوە؟" (گەرمیانی، ١٩٩٢: ١٥). هەر چەند دێڕێک دواتر نەبەرد جاف ئەوەیشی دەخاتە سەر کە هەر بە پیلانی حامید بەگ پاش چەند ساڵێکی تر (عەلی بەگی ڕێشین) کە خۆی بە دڵسۆزی ماڵی شاعیری شەهید دەزانی، لەناو هەڵەبجەدا کوژرا (سپ). دۆکتۆر حەسەن جاف دەنووسێت کە ساڵێک پێش مردنی حامید بەگ، ئەم پرسیاری ئەو بابەتەی لێ کردووە، ئەویش گوتوویەتی بە هیچ جۆرێک دەستی لەو پلانەدا نەبووە (جاف، ٢٠١٦: ١٥٨). ئەم ئەنجامگرییەی دۆکتۆر جاف تا ڕادەیەک لاواز و ساکارە و نابێتە بنەما بۆ هیچ تێگەیشتنێکی تازە لە مەسەلەیەکی ئاڵۆزی وەهادا.

## شازادە و جەنگاوەر، شاعیر و عاشق

ئەحمەدموختار جاف، ئەگەرچی وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر ناسراوە، بەڵام ڕاستییەکەی شیعرە سیاسی و نیشتمانییەکانی زۆر نین. بەشی هەرە زۆری دیوانەکەی لە شیعری عاشقانە پێک هاتووە. ئەمە دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیار لەبارەی ژیانی تایبەتی شاعیرەوە. لە هەندێک لەو نووسراوانەدا کە باسی ژیانی ئەویان کردووە، ئەوە ڕوونە کە سێ جار ژنی هێناوە، بەڵام ئایا ئەم ژنهێنانانەی ئەنجامی عیشق و خۆشەویستی بوون؟ هیچ کەسێک لەوانەی لەسەریان نووسیوە باسی ئەمە ناکەن.

لە کۆمەڵی کوردەواریدا باسی ژیانی تایبەت جۆرێک تابووە، بەڵام شاعیران لەم ڕووەوە ڕیزپەڕ بوونە و زۆر جار هەم خۆیان بە ئاشکرا باسی عیشق و دڵداریی خۆیانیان کردووە و هەم کەسانی دیکەیش. شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، کە سۆفییەکی گەورەیش بووە، لە شیعرەکانیدا ناوی هاوسەرەکەی خۆی دەبات، کە (عەنبەر خاتوون) بووە. لەم ڕووەیشەوە دیسان نهێنپارێزییەکی یەکجار سەخت لەبارەی ژیانی ئەحمەدموختارەوە دروست بووە.

بە خوێندنەوەی دیوانەکەی ئەحمەدموختار هەر زوو ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شیعرە دڵدارییانە بۆ کەسێک (بۆ کچێک، بۆ ژنێک، بۆ خانمێک) نووسراون و ئەو عیشقەیش ساڵانێکی دوورودرێژ بەردەوام بووە. ڕاستییەکەی ئەو خۆی هیچی نەشاردووەتەوە و بەشێکی باشی ئەو دڵدارییەی بە ئاشکرا دەربڕیوە، کەچی ئەوانەی لەسەر شیعر و ژیانی ئەویان نووسیوە باسەکەیان بە جۆرێک شاردووەتەوە، وەک بڵێی خوێنەر هێندە دەبەنگ بێت، کە نەتوانێت خۆی ئەنجامگری بکات. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە پێشەکیی دیوانەکەی ئەحمەدموختار جافدا ئەم باسە وا دەگێڕێتەوە (جاف، ١٩٨٦: ٣٢)، دەڵێی نهێنیێکی هێندە ترسناکە کە ڕەنگە بە ئاشکرابوونی شەڕی سێیەمی گێتیگری لەسەر بقەومێت.

بە خوێندنەوەی دیوانی ئەحمەدموختار جاف هەر زوو ئەوە دەر دەکەوێت کە خانمێکی خۆش ویستووە، ناوی (نیگار) بووە، یا ئەحمەدموختار وەک سیمبوڵێک یا لەبەر هەر هۆیەکی دیکە ناوی نیگاری لێ ناوە. ئەوجا ئایا ئەمە ناوی ڕاستینی خانمەکە بووە، یا شاعیر خۆی بۆی هەڵبژاردووە؟ من خۆم هەستێکی وام لا هەیە کە ئەمە هەر ناوی ڕاستینی خانمەکە خۆیەتی و میری جافیش بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە بیشارێتەوە. ئەمە ڕێک سروشتی شاعیرە. سایکۆلۆگیی شاعیر وایە، حەز دەکات بە هەموو دنیادا جاڕی بدات کە کەسێکی خۆش دەوێت و هێندەیش بە وردی باسی دەکات، کە زۆر کەس دەتوانن خۆشەویستەکەی بناسنەوە. شاعیر ناتوانێت نهێنی عیشق بپارێزێت و هەر زوو دەیدرکێنێت. ئەحمەدموختار جافیش هەر ئەو کارەی کردووە. لە چاپەکەی ساڵی ١٩٨٦ی دیوانەکەدا، لە کۆی سیوهەشت

(٣٨) شیعردا ئەحمەدموختار چلوشەش (٤٦) جار ناوی نیگار دەهێنێت. واتە لە سیوبەک (٣١) شیعردا، لە هەر یەکێکیاندا یەک جار ناوی دەهێنێت، بەڵام لە حەوت شیعرەکەی دیکەدا، لە شەشیاندا، دوو جار، دوو جار ناوی دەبات و لە شیعری حەوتەمدا سێ جار.

ئێستا کە ٨٠-٩٠ ساڵ و بگرە زیاتریش بەسەر چیرۆکی ئەو عیشقەدا تێپەڕیوە، زۆر زەحمەتە خەڵک بزانێت ئەو نیگار خانە کێ بووە؟ مەگەر کەسانێکی ورد و لێزانی ناو بنەماڵەی بەگزادەی جاف خۆیان شتێکیان لەو بارەیەوە دەماودەم پێ گەیشتبێت. دیارە لەمەیشدا دیسان بە هۆی کۆمەڵێک نەریتی خێڵایەتییەوە ویستوویانە بابەتەکە بشارنەوە و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بگرن، چونکە پێیان وا بووە بابەتی دڵداری بۆ پاشازادەیەکی وەک ئەحمەدموختار، دەبێتە هۆی ڕووشاندنی ناوبانگی. نووسەر و ڕووناکبیری ناسراو خوسرەو جاف دەڵێ ئەحمەدموختار حەزی لە (سەلمای کچی حوسێن بەگی کوڕی مەحموود پاشای جاف) بووە، بەڵام لەبەر هەندێک هۆی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە بیخوازێت (جاف، ٢٠١٨). هەروەها دەڵێ ئەم باسە لەناو بنەماڵەی خۆماندا زانراوە و نهێنییەک نییە. ئەحمەدموختاری شاعیر و عاشق لەم ڕووەیشەوە بڕێک کارئاسانیی بۆ کردووین، بەڵام دیسانیش گەلێک گومان هەر دەمێننەوە. ئەو کە لە بەشی هەرە زۆری شیعرە دڵدارییەکانیدا، وەک هەر دڵدار و عاشقێک، باسی ناز و عیشوە و جوانی و دڵڕەقیی دڵبەرەکەی و عیشق و سووتانی خۆی دەکات، بەڵام پێنج جار، لە پێنج شیعردا، هەندێ زانیاریی دیکەمان دەداتێ، کە ڕەنگە بمانخەنە سەر ڕچەیەک، یا ڕێگەیەک، بۆ ناسینی نیگارەکەی شاعیر. زانیارییەکان بە جۆرێک نین کە دەبێ وەک کۆمەڵە ڕاستییەک، وەک فاکت، تەماشایان بکەین، بەڵکە لە چوارچێوەی شیعر و میتافۆری شیعریدا جێیان دراوەتێ، ئەمەیش پەراوێزێک دەهێڵێتەوە بۆ تەفسیری جۆراوجۆر.

• لە شیعرێکدا وا باسی دەکات:

**نایەوێ ئەسڵەن ڕەفیقیی من نیگاری نازەنین**
**من فەقیر و ڕووتوقووتم، ئەو نەوەی شازادەیە** (جاف، ١٩٨٦: ١٢١).

ئەگەر نیگار نەوەی شازادە بووبێت، دەبێ لە بنەماڵەیەکی یەکجار گەورە و ناسراو و دەوڵەمەند بووبێت، بۆیە میری جاف خۆی لە بەرانبەر ئەودا بە هەژار دادەنێت. لەو سەردەمەی ژیانی ئەحمەدموختاردا نەوەی شازادە لە کوردستاندا کێ بوون؟ بنەماڵەی بابانەکان و بەگزادەی جاف هەبوون. یا دەبێ وا بیر بکەینەوە نیگارەکەی شاعیر نەوەی خانەکانی ئەردەڵان بووبێت. بەڵام ئەمانە هیچیان بە بەراورد لەگەڵ بەگزادەی جافدا هێندە جیاواز نین، کە ئەحمەدموختار لە ئاست ئەواندا خۆی بە "فەقیر و ڕووتوقووت" بزانێت. کەواتە ئەو گەدای عیشقە و غوڵامی سوڵتانێکی دەستەڵاتداری مەملەکەتی عیشق و ئەوینە، کە نیگاری دڵبەرێتی.

• بەپێی شیعرێکی دیکە دەبێ نیگار خان، توانیبێتی سەفەری بەغدا بکات و سەفەرەکەیشی بۆ خۆشی و گەشت و گوزار بووبێت. ئەمەیش دەبێتە پاڵپشتێکی دیکەی شازادەبوون و دەوڵەمەندبوونی ئەو خانمە:

**ئەحمەدی بێچارە بۆ دەرد و موسیبەت مایەوە**
**دولبەری بێڕەحمی ئەو سەیر و سەفای بەغداد ئەکا**
(سپ: ٥٤).

• نیشانەی سێیەم لەبارەی نیگارەوە، ئەوەیە کە لە هەڵەبجە، یا لە کوێستان، دوور کەوتبێتەوە و چووبێت بۆ ناوچەی گەرمیان و بۆ دەشتی شاکەل و شێروانە. ئەمەیان ئیتر بازنەی تەفسیری جیاواز بە تەواوی تەسک دەکاتەوە. ئەوەی گەرمیان و کوێستانی کردبێت هەر بەگزادەی جاف خۆیان بوون، بە تایبەت مەحموود پاشا و دەوروبەرەکەی. ئەوەیش دەزانین کە پاشا بە زستانان لە گەرمیان (گەرمەسێر) و بە دیاریکراوییش لە قەڵای شێروانەدا دادەنیشت:

**وا دیارە لەم وڵاتی کۆهسارە عاجزە**
**مەیلی خاکی گەرمەسێر و هەم قەڵای شێروان ئەکا**
(سپ: ٥٦).

• لە شیعرێکی دیکەدا، بە جۆرێکی جیاواز، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ناو سێ شیعری پێشوودا یەک ناگرێتەوە، باسی نیگار دەکات:

**ئەی نیگاری بێوەفا، ئەی شۆخی هەورامی نەسەب**
**دوور لە تۆ کەی مەیلی گەشتی گوڵشەنی تارانە**
(سپ: ١٤٨).

ئەگەر نیگاری شۆخ هەورامی نەسەب بووبێت، نیشانەی پرسیارەکانمان زۆرتر دەبن و دڵنیاییمان

لەبارەیەوە کەمتر.

• وێنەی پێنجەم، ئەگەرچی بەشێکە لە شیعرێکی برێک ئاڵۆزاو و ناڕوون، بەڵام جۆرێک هەواڵی وەها تاریک و ڕەشی تێدایە، بیرمان بۆ ئەوە ببات کە ئەو خانمە ئیتر لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەژی یا ڕێک کەوتووە:

**نیگارم تووتییە بۆ خۆشزوبانی و لەنجە وو عیشوە**
**ئەما حەیفێ کە ئەو شۆخە لەگەڵ زاغی سیا جووتە**
(سپ: ١٦٢).

دوو لەو پێنج بەڵگەیەی سەرەوە، بەرەو سەلماندنی زانیارییەکەی خوسرەو جافمان دەبەن. بەڵام دیسانیش دەبێ ئەوە جەخت بکەینەوە، ئەمەی لێرەدا لەبارەی ئەو چیرۆکی عیشقەوە نووسیومە نابێتە دوا لاپەڕەی داستانەکە. بواری یەکجار زۆر ماوەتەوە بۆ ئەوەی توێژەر و لێکۆڵەری کورد کاری تێدا بکات و زیاتر لەگەڵ ژیان و مەرگ و عیشق و باوەڕ و کارەکانی ئەحمەدموختاردا ئاشنامان بکات.

## ئەنجامگری

ئێستا کە نزیکەی هەشتا و ئەوەندە ساڵ بەسەر شەهیدبوونی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد ئەحمەدموختار جافدا تێدەپەڕێت، هێشتایش زۆر لایەنی ژیان و مردنی بە ناڕوونی ماونەتەوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی شاعیرەوە نووسراون بایەخیان بە ناوەڕۆکی نیشتمانپەروەرانە و شۆڕشگێرانەی شیعرەکانی داوە، بەڵام کەمتر خۆیان بە وردەکارییەکانی ژیان و مردنیەوە خەریک کردووە.

وێنەکێشانی ژیانی ئەحمەدموختار، بێ دیاریکردنی کارکرد و کەسایەتیی دایکی، عادیلە خانم، لە پەروەردەکردنیدا و ئەو ژینگە ئەریستۆکراتی و فەرهەنگییەی تێیدا گەورە بووە، وێنەیەکی ناتەواو و کەمڕەنگ دەردەچێت. کەسایەتیی ئەحمەدموختار خۆیشی شایانی ئەوەیە زیاتر لێی بکۆڵرێتەوە. ڕەنگە ناڕوونترین لایەنی ژیانی ئەحمەدموختار شەهیدبوونی بێت. وا پێ دەچێت هۆیەکی کۆمەڵایەتی/سیاسی بووبێتە کۆسپ و ڕێگر لە بەردەم وردبوونەوەی زیاتر لەو باسە. بڵاوبوونەوەی نووسینێکی خوالێخۆشبوو نەبەرد جاف، ساڵی ١٩٩٢، بوو بە سەرەتایەکی بەهێز بۆ ڕوونبوونەوەی گرێیەکی گەورە لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستاندا.

بۆ چەسپاندن یا هەڵوەشاندنەوەی ئەو تیۆرییە (یا ئەو هیپۆتێزە)ی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشکەش کراوە، هێشتا کار و توێژینەوەی وردتر پێویستە. بەشێک لەو بەڵگەنامانەی پێوەندییان بە باسەکەوە هەیە، لەوانەیە لە ئەرشیڤەکانی دەوڵەتی عیراقدا دەست بکەون. من نازانم قانوونەکانی دەوڵەتی عیراق لەم ڕووەوە چۆنن و چی دەڵێن؟ بەڵام لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی دنیادا بەڵگەنامە هەرە نهێنییەکانیش ماوەیەکی دیاریکراویان هەیە (٢٥ یان ٥٠ یان ٧٠ ساڵ) و ئیتر دواتر ئاشکرا دەکرێن و دەبنە زانیاریی گشتی و دەخرێنە بەردەستی هەر کەسێک بیەوێ لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکات. هیوادارم داهاتوو دەنگوباسی زۆرتر و ڕوونتر و ڕاستتری لەبارەی میری جافەوە پێ بێت.

**سوێد- ئوپسالا: زستان و بەهاری ٢٠١٨.**

## سەرچاوەکان: Sources


بێڵ، گیرتروود مارگارێت لووسیان (٢٠١٦): *کورد لە نامەکانی میس بێڵدا*، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی.

پیرەمێرد (١٩٣٥): "ناسۆرێکی تازە بۆ دڵی کوردەواری"، ژیان، ٤٣، ٩-٢-١٩٣٥.

جاف، ئەحمەدموختار (١٩٨٦): *دیوانی ئەحمەدموختار جاف*، ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوە و پێشەکی بۆ نووسینی پرۆفیسۆر دۆکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا.

جاف، د. حەسەن (٢٠١٦): حامید بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشای جاف (١٣٠٥-١٤٠٩ک) (١٨٨٧-١٩٨٨ز)، *ڕامان* (٢٢٤)، لل. ١٥٤-١٥٨.

جاف، خوسرەو (٢٠١٨): گفتوگۆ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕۆژانی ١٣-٦-٢٠١٨ و ٢٠-٦-٢٠١٨.

حیلمی، ڕەفیق (٢٠١٠): *شیعر و ئەدەبیاتی کوردی*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

خواجە، ئەحمەد (٢٠١٣): چیم دی؟ *شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

خەزنەدار، دۆکتۆر مارف (٢٠٠٥): *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی پێنجەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

سەججادی، عەلائوددین (١٩٧١): *مێژووی ئەدەبی کوردی*، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد.

عەلی، عادل سدیق (٢٠١٠): *عادیلە خانم: کەسایەتی و ئەردەڵانی بوون و ساحێبقرانی بوونی*، مەڵبەندی کوردۆڵۆجی، سلێمانی.

عەلی، عادل سدیق (٢٠١١): *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە*، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

عەبدولواحید، ئازاد (٢٠٠٩): دیدار لەگەڵ حیلمی، *ڕامان*، ژمارە: ١٤٠، لل: ٥٩-٧٨.

گەرمیانی، شوان [نەبەرد جاف] (١٩٩٢): شیعرێکی ناتەواو، مۆمێکی نیوەتەمەن؛ مەرگی شاعیری نیشتمانپەروەر ئەحمەدموختار جاف، *مامۆستای کورد* (١٤)، لل: ٤-١٦.

مەردۆخ، د. عەبدوڵڵا (٢٠٠٨): دام و دەزگای دەرەبەگیی بنەماڵەی وەزیرەکانی کوردستانی ئەردەڵان، *کوردۆلۆجی*، ژمارە: ١، لل. ٢٥٦-٢٨٩.

مەزهەر ئەحمەد، د. کەمال (١٩٧٨): *تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا*، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغداد.

Barth, Fredrik (1953): *Principles of Social Organization in Southern Kurdistan*, Universitetets Etnografiske Museum Bulletin No. 7, Oslo.

Van Bruinessen, Martin (1993): Matriarchy in Kurdistan? Women rulers in Kurdish history, *International Journal of Kurdish Studies*, The Kurdish Library, volume 6, Numbers 1 & 2, pp. 25-39.

Edmonds, C. J. (1936): Soane at Halabja: An Echo, *Journal of The Royal Central Asian Society*, Vol: XXIII (Oct. 1936), Part: IV, pp. 622-25.

Edmonds, C. J. (1957): *Kurds, Turks and Arabs; Politics, travels and research in Noth-Eastern Iraq 1919-1925*, Oxford University Press, London.

Gertrude Bell Archive, Newcastle University, Letters, 12 November, 1921.

Lees, G. M. (1928): Two years in South Kurdistan, *Journal of the Central Asian Society*, Vol. XV, Part III, pp. 253-277.

Minorsky, V. (1945): The Tribes of Western Iran, *The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland*, Vol. 75, No. 1/2, pp. 73-80.

Soane, Ely Bannister (1912, 1926, 1979): *To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise, Narrative of a journey from Constantinople through Kurdistan to Baghdad, 1907-1909*. APA-Philo Press, Amsterdam.

Soane, Mrs. Lindfield (1935): A Recent Journey in Kurdistan, *Journal of The Royal Central Asian Society*, Vol: XXII, July 1935, Part: III, pp. 403-417.

Sykes, Mark (1908): The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire, *The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland*, Vol. 38 (Jul. - Dec.), pp. 451-486.

**سەرنج:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە پێشەکی بۆ چاپێکی تازەی کۆی بەرهەمەکانی ئەحمەدموختار جاف کە کاک کاروان خەیات (ڕێبین) ئامادەی کردووە و چاوەڕوان دەکرێت بەم نزیکانە بڵاو بکرێتەوە.**

*** ئەم وتارە لە ڕووی ڕێنووس و زمانەوە دەستکاری نەکراوە. (ڕامان)**